# چوونە دەرەوە و سوڕانەوە

جیهان پڕیتی لە وشە و وێنەی سەرنج ڕاکێش و شتی خۆش ئەنجامیان بدەیت، هەستیان پێبکەیت و بیاندۆزیتەوە، هەر لەپاکەتی دانەوێڵە و هێماکانی شەقامەوە بگرە هەتا دەگاتە گۆماوی شڵپەدار و گەڵای وەریو.

هانی منداڵەکەت بدە پەی ببات بە جیهانی دەوروبەری.

- بڕۆن بۆ پیاسە و دەربارەی پیتەکان، وشەکان و ژمارەکانی سەر هێمای شەقامەکان و دوکانەکان قسە بکەن.
- کاتێک دەچیت بۆ کڕینی خواردەمەنی، قەبارەکان، ڕەنگەکان و بۆنەکانی میوە و سەوزە بەراورد بکە



**ئایا زانیوتە** کە چوون بۆ پیاسە یارمەتی فێربوونی منداڵەکەت دەدات. بە پێی منداڵەکەت بڕۆ، قسەی لەگەڵدا بکە و بایەخ بەو شتانە بدە کە سەرنجی دەدەن و دەربارەیان دەدوێن.



## چۆنێتی دروستکردن و بەکارهێنانی مەدالیایەکی کلیلی وێنەدار

ئەوەی پێویستت دەبێت

- پێنووس و کاغەزێک بۆ ئامادەکردنی لیستی بازاڕکردن
- وێنەکانی میوە و سەوزە
- مقەستی سەلامەت بۆ منداڵ
- کاغەز کونکەر
- زریزە یان قردێلە بۆ بەستنەوەی وێنەکان بەیەکەوە

ئەوەی دەیکەیت

بەیەکەوە ڕەچەتەیەک بهێنن و لیستێکی بازاڕکردن ئامادە بکەن بە بڕینی وێنەکانی پێکهاتەی خواردنەکان و دەرهێنانیان لە نامیلکە و گۆڤارەکان.

مەدالیایەکی کلیل دروست بکە بە کونکردنی گۆشەیەکی هەریەک لە وێنەکان و بەستنەوەیان بەیەکەوە بە زریزەکە.

با منداڵەکەت مەدالیاکە بەکاربێنێت کاتێک دەچن بۆ بازاڕکردن. ئەمە یارمەتی دەدات بە بەکارهێنانی وێنەکان خواردنەکان بدۆزێتەوە. بە یەکەوە بدوێن دەربارەی ئەوەی دەیبینن و بە یەکەوە بیژمێرن چەند دانەتان دەوێت.

**ئەستێرە ئامۆژگاری**

مەدالیای کلیلی وێنەدار ڕێگایەکی نایابە بۆ یاریکردن لەگەڵ منداڵەکەت. هەوڵ بدە مەدالیایەکی کلیل بەو وێنانە بکەیت کە ڕەنگە بیان بینیت کاتێک دەچیتە دەرەوە.

**وردە بیرۆکە**

کاتێک دەچیتە دەرەوە لەگەڵ منداڵەکەت، گوێ بۆ ئەو دەنگانە بگرە کە دەیانبیستیت، لەوانە دەنگی هاتوچۆ، لووری ئۆتومبێلی فریاکەوتن، موزیک، حەپەی سەگ، خوێندنی باڵندەکان و دەنگی فڕۆکە بە ژوور سەرتەوە. دەربارەی ئەوە بدوێ کە گوێت لێیە. هەوڵ بدە لاسایی دەنگەکان بکەیتەوە - ئایا دەتوانیت هەمان دەنگ دەربکەیتەوە؟